

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر چەند وەرزشوانێک خەڵات دەکات

بەڕێوەبەرایەتـــی گشـــتی وەرزش و لاوانی هەولێر بە مەبەســـتی هاندانی وەرزشـــوانان کۆمەڵێـــك لە وەرزشـــوانانی کـــور و کچی هەولێر-ی خەڵات کرد، بە ئامادەبوونی دکتۆر کاوە محەمـــود وەزیری رۆشـــنبیری و لاوانی حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتان و چیایی تەیمور عەبدال بەڕێوەبەری گشـــتی وەرزش و لاوانـــی هەولێر و رەمزی وەلی بەرپرســـی وەرزشـــوانە دێرینەکانی کوردستان و چەندین کەسایەتی تر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانـــی هەولێر ١٢ یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی کوڕ و کچی شاری هەولێر خەڵات کرد، کە توانیـــان لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی عەرەب ملوانکەی زێر و زیو و برۆنز بە دەستبهێنن و هەروەها سێ یاریزانی هێـــزی لەش و راهێنەرەکەیـــان خەڵات کران، کە توانیان لـــە پاڵەوانێتی ئاســـیا، لەگەڵ هەڵبـــژاردەی عێراق ملوانکـــەی زێر و زیو و برۆنز بە دەســـتبهێنن و جگە لەوانەش سێ وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر خەڵات کران ئەویش هەریەکە لە شێرۆ خەلیل و خوالێخۆشبو عادل شاکر و سدیق کارسوڵ بوون.

# ناوەندی مەشق و راهێنانی هەولێر لە بەرزکردنەوەی قورسایی بووە پاڵەوانی یانەکانی هەولێر

رۆژی چوارشـــەممە لـــە هۆڵی زەرد پاڵەوانێتی یانەکانی شاری هەولێر بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی لەسەر ئاستی کچـــان بەڕێوەچوو، لـــەم پاڵەوانێتییە سێ یانە بەشـــداری تیاییدا کردبوو لە ١٢کێش، لەم پاڵەوانێتییە ناوەندی مەشق و راهێنانی هەولێر توانیان پلەی یەکەم بە دەستبهێنین، ئەنجامی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەمشێوەیە بوو.

١- ناوەندی مەشق و راهێنانی هەولێر



# یانەی مەخمور بوو بە پاڵەوانی خولی پلە دووەکانی کوردستان

رۆژی چوارشەممە لە یارگەی هەڵەبجەی شەهید یاری کۆتایی خولی پلە دووەکانی کوردســـتان بۆ تۆپی پێی بەڕێوەچوو، کە تیاییدا هەردوو یانەی هەڵەبجەی شەهید و مەخمـــوور رووبـــەرووی یەکتر بوونەوە لـــە یارییەکی بەهێزدا یانـــەی مەخمور توانی بۆ یەکـــەم جار لە مێژووی خۆیدا نازناوی خولی پلە دووەکانی کوردســـتان بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٣-٢) گـــۆڵ لـــە یانـــەی هەڵەبجەی شـــەهید-ی بـــردەوە دوای تەواوبوونـــی یارییەکە لە لایەن سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ئەندامانی یەکێتییەکە، تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کران.

جێگەی باسە هەردوو یانەی مەخموور و هەڵەبجەی شـــەهید بەفەرمی لە وەرزی داهاتوو.گەیشـــتنە خولی پلە یەکەکانی کوردستان لە تۆپی پێدا.



# هەڵبژاردەی سوریا یارییە نێـ

دوای گەیشتنی شـــاندی هەڵبژاردەی سوریا بۆ شاری هەولێر بە مەبەستی ئەنجامدانی یارییەکی دۆســـتانە، سەرۆك شاند و راهێنەری هەڵبژاردەی ســـوریا لـــە لێدوانێکیانـــدا بۆ رۆژنامەنووســـان تەئکیدیـــان لەوە کـــردووە بەهـــۆی رووداوەکانی وڵاتەکەیـــان یەکێتی تۆپی پێـــی نێودەوڵەتی بۆ تۆپی پێی بڕیـــاری داوە یارییەکانی هەڵبژاردەی سوریا بۆ دەرەوەی یاریگەی خۆیان بگوازێتەوە و ئەوانیش هەریەکە لە یاریگاکانی هەولێر و لوبنان و ئوردن-یان دەستنیشـــان کـــردووە، لە لێدوانێکی

# سبەی پاڵەوانێتی ئاسیا بۆ گۆڕەپان و مەیدان دەست پێ دەکات

## تەنیا کچە کوردێک بەشداری دەکات

بە مەبەستی بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی ئاسیا بۆ گۆڕەپان و مەیدان، هەفتەی رابردوو لە رێگەی فرۆکەخانی هەولێری نێودەوڵەتی شاندی هەڵبژاردەی عێراق بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بەرەو ژاپۆن بەڕێکەوتن، لەلێدوانێکی تایبەتدا سەرتیپ فاریق ئەندامی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق لە گوتی: هەفتەی رابردوو لە رێگەی فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی شاندی هەڵبژاردەی عێراق بەرەو وڵاتی ژاپۆن بەڕێکەوتین، بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیا بکەین لەسەر ئاستی کوڕان و کچان، ئەم هەڵبژاردەیە لە ١٤ یاریزانی کور و کچ پێکهاتووە و تاڵیب فەیسەڵ سەرۆکی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق سەرۆك شاندە و من کارگێری شاندەکەم.

لە درێژەی قسەکانیدا سەرتیپ فاریق گوتی: لەم شاندەدا تەنیا یاریزان گۆلستان مەحمود کچە یاریزانی شاری هەولێر کوردە. گولستان بەشداری لە راکردنی ٤٠٠م و ٨٠٠م و راکردنی پۆستەی ٤٠٠*٤م و راکردنی ١٠٠*٤م دەکات و هیوای بە دەستهێنانی ئەنجامی باش لەم کچە یاریزانە دەکەین و وا بڕیارە بوو کچە یاریزانی شاری هەولێر بەهار خەسرۆیش لەم پاڵەوانێتییە بەشداری بکات، بەڵام بەهار لە وڵاتی تورکیا بەشداری لە ئۆردوگای مەشقی هەڵبژاردەی عێراق نەکرد بۆیە لەم هەڵبژاردەیە دوورخرایەوە.

لە کۆتایی قسەکانیدا سەرتیپ فاریق گوتی: راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق راهێنەرێکی جەزائیری-ە نوردین تاجەدین و ماوەی شەش مانگ دەبێت مەشق بە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق دەدات لە شاری هەولێر.

جێگەی باسە وا بڕیارە سبەی ٥ی ئەم مانگە پاڵەوانێتی ئاسیا لە وڵاتی ژاپۆن دەست پێ بکات.





٥٤٥ خاڵ.

٢- یانەی فەتاتی هەولێر ٥١٢ خاڵ.

٣- یانەی ئارارات ٥٠٥ خاڵ.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی لقی هەولێر بەڕێوە چوو.



## ـــودەوڵەتییەکانی لە ئوردن ئەنجام دەدات

محەمەد نەدیم گوتەبێژی هەڵبژاردەی سوریا بۆ تۆپی پێی گوتی: دوای گەیشتنمان بۆ شاری هەولێر سەیری گشت یاریگا و هۆتێل-ی شاری هەولێرمان کرد و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم پێشکەوتنی شارەکە بووین لە بواری وەرزش بە تایبەتی تۆپی پێی، بەڵام هەڵبژاردەی عێراق بڕیاری داوە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤ لە یاریگەی هەولێر ئەنجام بدات ئەمەش تووشی گرفتی کردین، بۆیە بڕیارمان دا بەفەرمی یارییەکانی هەڵبژاردەی سوریا لە وڵاتی ئوردن بەڕێوە بچێت ئەمەش بڕیاری کۆتاییە.

لە درێژەی قسەکانیدا محەمەد نەدیم گوتی: ئێمە حەزمان دەکرد یارییەکانی هەڵبژاردەکەمان لە شاری هەولێر بەڕێوە بچێت بەهۆی بوونی گشت پێداویستی بەڕێوەچوونی یارییە نێودەوڵەتییەکان.



## ڕەنگە مۆز ببێتە هۆی وازهـ



## ریڤالدۆ:
# خۆزگە لەگەڵ میسی یارییم کردبایە

ئەستێرەی بەناوبانگی بەرازیلی ریڤالدۆ، یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی دووپاتیکردەوە و خۆزگەی ئەوەی دەخواست یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی یاریزانی سەرەکی یانەی بەرشلۆنە بوایە، لەو کاتەی کە ئەو یاریزانی یانەی ناوبراو بوو بۆ ئەوەی هەردووکیان بەیەکەوە یارییان کردبا، ریڤالدۆ کە پێشتر خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی وەرگرتووە ستایشی ئاستی یاریزانی ئەرژەنتینی میسی کرد و رایگەیاند کە میسی هیچی لە هەردوو ئەفسانە مارادۆنا و بیلێ کەمتر نییە.

ریڤالدۆ لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی گلۆبۆ سپۆرتی بەرازیلی بە بۆنەی دەستپێکردنی یارییەکانی پاڵەوانییەتی کوپا ئەمریکا گوتی: وابزانم پاڵەوانەتییەکە بۆ هەموو هەڵبژاردەکان زۆر زەحمەت بێت، هەردوو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و بەرازیل بەهێزترین دوو تیپن لە خولەکە، پێشبینی ئەوە دەکەم پاڵەوانی ٢٠١١ یەکێك لەم دوو هەڵبژاردەیە بێت.

هەروەها ریڤالدۆ دەربارەی میسی گوتی: لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین سەرسامی یاریزان میسیم، میسی ئەو یاریزانەیە کە خۆزگەی ئەوەم دەخواست وەك یاریزان لەناو یاریگا لە گەڵی یارییم کردبایە، میسی لەکاتی یارییەکاندا خۆشی بە هاوڕێکانی دەدات پێش ئەوەی خۆشی بە هاندەران بدات.



## ئەندرێ ڤیلاس بـ

سپێشەڵ نەمبەر ٢ یان مۆرینهۆی تازە گەیشتە شاری لەندەن بۆ وەرگرتنی ئەرکی راهێنانی یانەی چێلسی، ئەندرێ ڤیلاس بواس ئەو راهێنەرە بوو کە هاندەرانی بلوز لە دوای دەگەڕان، هاندەران گەشبینن بە سەردەمێکی زێڕین بۆ یانەکەیان هەروەك ئەو ماوەی کە مۆرینهۆ راهێنەری یانەی چێلسی بوو، بەڵام بواس کێیە و بۆچی بە مۆرینهۆ بەراورد دەکرێت؟

ناسنامە:

ناو: لویس ئەندرێ دی بینیا کابرال ڤیلاس بواس

مێژوو و شوێنی لە دایك بوون: ١٧ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٧ لە شاری پۆرتۆی پورتوگالی

**خاڵە هاوبەشەکانی نێوان بواس و مۆرینهۆ:**

* بواس وەکو مۆرینهۆ بە هیچ شێوەیەك یاریزانی تۆپی پێ نەبووە

* کاروانی وەرزشی وەك مۆرینهۆ لە ژێر سەرپەرشتی راهێنەری ئینگلیزی کۆچکردوو بۆبی رۆبسۆن دەست پێکردووە

* بواس وەکو مۆرینهۆ لە وەرزی یەکەمی لەگەڵ یانەی پۆرتۆ سێ نازناوی بەدەست هێنا

* بواس یارمەتی مۆرینهۆی داوە لە دۆزینەوەی یاریزانان لە یانەکانی پۆرتۆ و چێلسی و ئینتەر میلان

خاڵی جیاوازی بواس لەگەڵ مۆرینهۆ لە مامەڵەکردنی لە گەڵ دەزگاکانی راگەیاندن دایە، بواس زۆر بە دەگمەن چاوپێکەوتن و لێدوان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئەنجام دەدات، بە پێچەوانەی مۆرینهۆ کە ئەستێرەی دەزگاکانی راگەیاندنە، لەمبارەیەوە بواس دەڵێت: بە بۆچوونی من راهێنەر ئەستێرەی تیپەکان نییە بەڵکو راهێنەر ئەو کەسەیە کە دەتوانێت باشترین



لە جامی زێڕین هەڵبژاردەی مەکسیک باڵادەست بوو

هەڵبژاردەی مەکسیك نازناوی پاڵەوانییەتی جامی زێڕینی بۆ هەڵبژاردەکانی ئەمریکای باکوور و کاریبی ناسراو بە کۆنکاکاف بۆ جاری شەشەم لە مێژوویدا بەدەست هێنا، لە یاری کۆتاییدا کە لە یاریگای ڕۆزبۆل لە کالیفۆرنیای ئەمریکی بەڕێوەچوو هەڵبژاردەی مەکسیك بە ئەنجامی (٤-٢) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەمریکای بردەوە، سەرەتا ئەمریکا بە دوو گۆڵی خێرا پێشکەوت، گۆڵەکانیش لەلایەن یاریزانان مایکل بردلی و لیندۆن دۆنەڤان لە خولەکەکانی ( ٨ و ٢٣ ) دا ئەنجامدران، دواتر مەکسیك لە گێمی یەکەمدا توانی دوو گۆڵ تۆمار بکات لە ڕێگای یاریزانان پاولۆ پێرێرا و ئەندرێس گواردادۆ لە خولەکەکانی ( ٢٩ و ٣٦)دا، لە گێمی دووەمدا مەکسیك دوو گۆڵی دیکەی تۆمارکرد لە ڕێگای یاریزانان پاولۆ پێرێرا و جیۆڤانی دۆس سانتۆس لە خولەکەکانی (٥٠ و ٧٦ )دا و جامەکەی بەرزکردەوە.

شایانی باسە مەکسیك لە ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٦ و ١٩٩٨ و ٢٠٠٣ و ٢٠٠٩ ئەم نازناوەی بەدەست هێناوە، لە هەمان کاتدا مەکسیك بە فەرمی بەشداربوونی خۆی لە یارییەکانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ لە وڵاتی بەرازیل مسۆگەر کرد، لە دوای هەڵبژاردەکانی ئیسپانیا پاڵەوانی مۆندیال و ژاپۆن پاڵەوانی ئاسیا و بەرازیل میوانداری خولەکە.

## ...ێنانی ڕۆبەرتۆ کارلۆس

یاریزانی بەناو بانگی بەرازیلی ڕۆبەرتۆکارلۆس بەرگریکاری یانەی ئانجی ڕوسی ڕایگەیاند، بیر لە وازهێنانی یەکجاری دەکاتەوە بە هۆی دووبارە بوونەوەی فڕێدانی مۆز لەکاتی یارییەکان وەك دیاردەیەکی ڕەگەز پەرستی لە دژی یاریزانە ڕەش پێستەکان، لە یاری نێوان هەردوو یانەی ئانجی و کریلیا سۆڤیتۆڤ، یەکێك لە هاندەرانی یانەی کریلیا مۆزێکی بۆ یاریزان ڕۆبەرتۆ کارلۆس فڕێدا کە ئەوەش مانای ئەوەیە کە کارلۆسی ڕەش پێست بە ئاژەڵی (مەیمون) وەسف کراوە، لەدوای ئەم ڕووداوە کارلۆس ڕازی نەبوو یارییەکە تەواو بکات چونکە هەستی کرد سوکایەتی پێکراوە، هاوڕێکانی کارلۆس ڕایانگەیاند کە کارلۆسیان بینیوە لە ژووری خۆگۆڕین دەگریا.

کارلۆس لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەیلی مێلی بەریتانی گوتی: لە دوای ئەم ڕووداوە بیرم لە وازهێنان کردەوە بەڵام بەردەوام دەبم، ئەگەر ئەم ڕووداوە دووبارە بێتەوە ئەوە واز دەهێنم.

هەروەها کارلۆسی تەمەن ٣٨ ساڵ گوتی: دەزانی هەست بەچی دەکەیت کاتێك خۆت بە لاوازی دەبینی، دەبێ ئەم دیاردەیە لە یاریگاکانی تۆپی پێ نەمێنێ، هاوڕێکانم دڵیان دامەوە، سوپاسیان دەکەم چونکە ئەوان منیان خۆش دەوێت، من یاریگام بەجێهێشت لەبەر ئەوەی هەستم بە ناخۆشی ڕووداوەکە کرد.

دیاردەی ڕەگەزپەرستی گەورەترین کێشەیە ڕووبەڕووی تۆپی پێی ڕوسیا دەبێتەوە پێش میوانداریکردنی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٨.

## ...واس لە یانەی چێلسی



توانای یاریزانەکانی دەربهێنێت.

**ژمارە پێوانەکانی ڕاهێنەر بواس:**

* بچووکترین ڕاهێنەر بوو لە مێژوودا کە نازناوێکی ئەورووپی بەدەست هێنا بێت دوای سەرکەوتنی یانەی پۆرتۆ بە سەر یانەی سپۆرتینگ لشبۆنە لە یاری کۆتایی یۆرۆ لیگ لە وەرزی ٢٠١٠ - ٢٠١١ کە تەمەنی ٣٣ ساڵ و ٢١٣ ڕۆژ بوو .

* ژمارەی پێوانەیی لەگەڵ یانەی پۆرتۆ شکاند لە ژمارەی یارییەکان بە بێ دۆڕاندن کە ژمارەکە گەیشتە ٣٦ یاری و ژمارەی مۆرینهۆی شکاند کە ٣٣ یاری بوو.

* زۆرترین ژمارەی خاڵی لە یەك وەرز لەگەڵ یانەی پۆرتۆ کۆکردەوە دوای ئەوە ٨٤ خاڵی لە ٣٠ یاری کۆکردەوە.

* لەگەڵ یانەی پۆرتۆ ١٤ سەرکەتنی لە یۆرۆ لیگ تۆمارکرد کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە بۆ یانەیەکی پورتوگالی.

* لە گەڵ یانەی پۆرتۆ لە ١٦ یاری یەك لە دوای یەکی خولی پورتوگال سەرکەوتنی تۆمارکرد .

* جیاوازی ٢١ خاڵ لە نێوان پۆرتۆ و بەنفیکا لە ڕیزبەندی کۆ تا یی یانەکانی خولی پورتوگال گەورەترین جیاوازییە لە مێژوو لە نێوان یانەی یەکەم و یانەی دووەم.

* بواس لە گەڵ یانەی پۆرتۆ بووە دووەم ڕاهێنەر لە مێژوو کە وەرزێك بە بێ دۆڕاندن تەواو بکات لە دوای یانەی بەنفیکا لە وەرزی ١٩٧٢ - ١٩٧٣ .

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# شاندێکی سویدی سەردانی سلێمانی کرد



له بارەگای نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان له شاری سلێمانی شاندی سویدی سەردانی شاری سلێمانیان کرد، لەلایەن هەریەك له سەلاح محەمەد کەریم و کەژاڵ کاکە حەمە، ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئۆلۆمپی کوردستان و هەردە رەئوف سەرۆکی نوێنەرایەتی و شاناز حەسەن بەرپرسی چالاکی ئافرەتان بە نوێنەرایەتی دڵشاد ئاغا بەڕێوەبەری رۆشنبیری و لاوان پێشوازیان کرد، له شاندێکی سویدی کە پێکهاتبوون له یۆران پیتەرسۆن، وەرزشکاری شارەزاو دێرین و ئەنجامدەری پرۆژەی وەرزشی و تۆماس ئیکلۆند، ئەندامی فیدراسیۆنی وەرزشی سویدی و دارا ئیبراهیم کوردە کە هاوکاریانە، بەیاوەری د.سەرهەنگ بەرپرسی پەیوەندییەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، لە دانیشتنەکەدا شاندی میوان باسی مەبەست و ئامانجی خۆیانکرد لەسەردانی کوردستان کە بریتییە لە دۆزینەوەی هاوبەشییەك له نێوان هەرێمی کوردستان و سوید تا بتوانن پێکەوە خزمەت بەبواری وەرزشی و بەتایبەت وەرزشی ئافرەتان بکەن، سەبارەت بەچەند پرسیارێك کە ئاراستەمانکردن ئەم زانیاریانەیان بۆ ئاشکرا کردین، گەرچی کارەکانیان بەهاوکاری حکومەتی سویدی دەکەن بەڵام پرۆژەکانیان ئەهلییەو مەبەستیانە حکومەت دەست تێوەردان نەکات لەکارەکانیاندا، لەچەندین وڵاتی جیهان هاوکاری و پرۆژەیان هەیە بەهیوان لەم هەرێمەش بتوانن ئەم پرۆژانەیان جێبەجێبکەن، گەرچی تێبینیان هەبووە لەسەر کەسی یەکەمی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان کەکەسێکی سیاسییە، بەڵام پاش روونکردنەوە و سەردانەکان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە دەکرێت لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ئەو شەریکە بێت کە پێکەوە بتوانن پرۆژەکانیان جێبەجێبکەن، ئەمان سەرسامن بە ئیشی ئۆلۆمپی و پێیانوایە کاری باش کراوە، دوای گەڕانەوە و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی کاروبارەکان، دەرەنجامەی سەردانەکەیان دەخرێتەبەردەستی حکومەتی سویدی، گەر بڕیاربدرێت ئەمان لەداهاتوودا دەستبەکارەکانیان دەکەن، سەبارەت بە ئەولەوییەت لەکارەکانیان وتیان: سەرەتا پێویستە دیموکراسی لەبواری وەرزشدا ئەنجام بدرێت و هاوکاریان دەکەین لەم پرۆسەیەدا، پاشان گرنگیدان بەلایەنی رێکخستن و ئیدارە کە لاوازی



# بۆ یەکەمجار لە عێراق
# لە شاری کەرکووک یاریگەیەکی سابوونی کرایەوە

بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق وکوردستان لە شاری کەرکوك یاریگەیەکی سابوونی کرایەوە کەلەسەر سیستەمی جیهانی دروستکراوە.

لەسەر یاریگەی یانەی سۆلاڤی نوێ لە شاری کەرکوك، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی و کەسانی وەرزشی یاریگەیەکی سابوونی کەلەلایەن کەرتی تایبەتەوە درووست کراوە کرایەوە، سەبارەت بە کردنەوەی ئەو یاریگە سابوونەیش کە بۆ یەکمجارە درووست کراوە خاوەنی یاریگەکە (هێمن ئەنوەر)ئەوەی ئاشکرا کرد گوتی «ئەو بیرۆکەم لەوەوە بۆهاتووە کە زۆرێك لە وڵاتانی کەنداو و نیشتمانی عەرەبی ئەو یاریگەیی تێدا دروستکراوە، بۆیە منیش بە باشمزانی ئەو بیرۆکە تازەیە بهێنمە شاری کەرکوك کە بریتییە لە یاریگەیەکی نایلۆن بە شێوازی یاریگەی فوتسال یاری تێدا دەکرێت، یاریگەکەش بە سابوون و ئاو دادەپۆشرێت زیاتر یارییەکی خۆشی وکات بەسەر بردنە، گوتیشی لەم یاریگەیەدا بری دوو دەفتەر دۆلارم تێدا سەرف کردوە .

# کوڕان وکچانی پێشمەرگە

لە شاری سلێمانی له هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆماوەی دوو رۆژ، بەسەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی نیشانە شکێنی کوردستان و بەهاوکاری و چاودێری لیژنەی ئۆلمپیی کوردستان، بەبەشداری ١٣یانەی شارەکانی (هەولێر،سلێمانی،کەرکوك)، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ یانەیەکی شاری دهۆك بەشدار بێت، لە هەردوو جۆری تفەنگ و دەمانچە کێبەرکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بۆ هەردوو ئاستی کوڕان و کچان.

سەبارەت بەم پاڵەوانێتییە (کاروان عەبدولکەریم)ی ئەمینداری دارایی یەکێتی نیشانە شکێنی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی « بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو یارییە وەکو چالاکی خۆمان هەڵساین بە ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانێتییە کە رێژەیەکی باش لەتیپەکان تێیدا بەشداربوون، بەڵام ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر بەرز بوو، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

تیپی کوڕان- دەمانچە





# لە پەروەردەی خەبات خولی هاوینەی قوتابیان بەڕێوەچوو

بۆ مـــاوەی ١٠ڕۆژ لە قەزای خەبات و لە ناحیەکانی کەورگۆســـك و ناحیەی رزگاری خولـــی وەرزشـــی هاوینـــە بەڕێوەچوو .

بەمەبەســـتی زیاتـــر خزمەتکردنـــی قوتابیانی دەڤەری قـــەزای خەبات و دەوروبـــەری و هەریەك لـــە قوتابیانی ناحیەکانـــی رزگاری و کەورگۆســـك کـــە ڕێژەیەکـــی زۆری قوتابیـــان لـــەم ناوچەیە لـــە خـــۆی دەگرێت، چالاکی وەرزشـــی و دیدەوانی ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات، هەڵسا بە کردنەوەی خولی هاوینەی قوتابیانی قوتابخانەکانی ئەو ســـنوورە بەرفراوانـــە، کە خولەکـــەش بۆماوەی دەرۆژ بەردەوام بوو، ڕۆژانەش وانەکان لـــە لایەن مامۆســـتایانی پســـپۆری وەرزشـــی بۆ وانەکانـــی تۆپی پێ و تۆپی باســـکە و تۆپـــی باڵە و تۆپی دەســـت بەهەردوو شـــێوازی تیۆری و پراکتیکی بۆ قوتابیان دەوترانەوە، تێیدا ڕاهێنەری وەرزشی و سەربەرشتیارانی وەرزشـــی ئامادەی خولەکـــە بوون. لە بارەی خولەکە مامۆستا حەکیم کانەبی بەرپرسی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی پەروەردەی خەبات بۆ فایلی وەرزشـــی گـــولان ڕایگەیاند و گوتـــی «ئێمە ڕۆژانـــە ١٠ڕۆژ خولمان کردەوە بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە سنووری پەروەردەی خەبات بوون، مەبەستیشـــمان لەو خولە ئەوە بوو لە پشـــووی هاوین سوودێکی زۆر بە قوتابیان بگەینین. ئەو ماوەیەی کە پشـــوویە هەر وا بەسەر نەبەین، بۆ ئەوەی لە پشووی هاوین زۆرترین زانیاری لەسەر یاساکان و یارییە جۆراو جۆرەکان فێر ببـــن، ئێمەهەمـــوو هاوکارییەکی قوتابیانمان کـــردووە، ڕۆژانە خواردن و پێداویستیمان بۆ دابین کردوون، هەروەها لە دوو بنکە قوتابیـــان کۆدەکرانەوە و وانەکانیان بۆ شـــی دەکرایەوە، لەوبارەوە زیاتر گوتـــی کە زیاتر٢٠٠ قوتابی لە خولەکەش بەشـــداریان کـــرد ڕۆژانەش دوو وانە پێشکەشی قوتابییەکان دەکرا، لەلایەن خۆشیانەوە قوتابیانی بەشداربوو ســـوودێکی زۆریان لە خولەکە بینی، هیوایان خواســـت ئەو خولانە ماوەکەی درێژتربێت، چونکە سودی زیاتر دەبێت، لە کۆتاییش کانەبی گوتی سوپاســـی بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات دەکەین، کە بە شـــێوەیەکی زۆر باش پاڵپشتی وەرزشـــی دەکات لە قەزای خەبات لە گشـــت خولەکان هـــاوکاری تەواومان دەکات بۆپێشخستنی وەرزش لەم ناوچە بەرفراوانە.



پێوەدیـــارە، هەروەها ئاڵوگۆڕی خـــول و کادر و تادەگاتە ئەنجامدانی پرۆژەی وەرزشـــی، لەمانە هەمـــووی گرنگتر ئەوەیە ئـــەم کارانە ناکرێت تا ڕەگـــەزی مێینە لەکارەکانـــدا نەبێت و گرنگی تایبەتیان پێنەدرێت، پاشان شاندەکە سەردانی یانەی ســـلێمانی و یانەی ئەفرودێتیان کرد، کەلەساتی ســـەردانەکەدا چەندین تیپی تازەپێگەیشـــتوان و لاوانی کوران و کچانی یانەکان مەشـــق و یارییان دەکرد کەجێگەی سەرنجی شاندەکەبوو..

## ی سلێمانی بوونە پاڵەوان

١-پێشمەرگەی سلێمانی ٧٢٦خاڵ
٢-ئاشتی ٦٨٨خاڵ
٣-سلێمانی ٦٤٠خاڵ
تیپی کوران- تفەنگ
١-پێشمەرگەی سلێمانی ٥٧٥خاڵ
٢-ئاشتی ٤٨٧خاڵ
٣-سەرچنار٤٧٣خاڵ
تیپی کچان - دەمانچە
١-پێشمەرگەی سلێمانی ٣٦٢خاڵ
٢-سلێمانی ٣٢٩خاڵ
تیپی کچان - تفەنگ
١-پێشمەرگەی سلێمانی ٣٥٦خاڵ
٢-سلێمانی ٣٠٧خاڵ

فۆتۆ: ڕێدار

